# مشه‌خۆر

**پیره‌لاوێك**

"له‌ هه‌ر بزووتنه‌وه‌یه‌کی ره‌سه‌ندا، هێندێك مشه‌خۆر په‌یدا ده‌بن كه‌ له‌وانه‌یه‌ ببن به‌ ده‌سه‌ڵاتداریش."

ژاك دریدا

به‌ردی دڵسۆزی له‌ سینگدان بۆ لاوان و رشتنی فرمێسکی به‌ درۆ بۆ ئه‌م توێژه‌ی کۆمه‌ڵ له‌ لایه‌ن تینووانی ده‌سه‌ڵاته‌وه‌، نه‌ شتێکی تازه‌یه‌ و نه‌ تایبه‌ته‌ به‌ ده‌سته‌ و گرووپێکی تایبه‌ت. که‌سایه‌تی، تاقم، رێکخراو و ده‌وڵه‌تی جۆراوجۆر له‌ چه‌پ و سۆسیالیسته‌وه‌ تا ده‌گاته‌ راست و بورژوازی، له‌ ناسیۆنالیسته‌وه‌ تا ده‌گاته‌ ئه‌نتێرناسیونالیست، له‌ ملهۆڕ و سه‌ره‌ڕۆ و دیکتاتۆره‌وه‌ تا ده‌گاته‌ به‌ رواڵه‌ت دیمۆکرات و ئازادیخواز، له‌ کۆنه‌ پارێز و فه‌نده‌مێنتالیسته‌وه‌ تا ده‌گاته‌ریفۆرم خواز و لائیك , له‌ کۆنه‌ په‌ره‌سته‌وه‌ تا ده‌گاته‌ مۆدێڕن و نوێخواز، رابردووی هه‌وڵدان بۆ راکێشانی لاوان و که‌ڵك وه‌رگرتن له‌وان وه‌ك ئامرازێك بۆ گه‌یشتن به‌ مه‌به‌ستی خۆیان که‌ چوونه‌ نێو ده‌سه‌ڵات و یا مانه‌وه‌ له‌ ده‌سه‌ڵات دایه‌، له‌نێویان دا به‌دی ده‌کرێ.

هه‌ر دوور ناڕۆین و هه‌ڵوێسته‌یه‌ك ده‌که‌ین له‌ دروشم و سیاسه‌ته‌کانی قۆڵه‌کانی نێو ده‌سه‌ڵات له‌ وڵاتی ئێران دا. قۆڵی ریفۆرم خوازی کۆماری ئیسلامی به‌ سه‌رۆکایه‌تیی خاته‌می به‌ دروشم و به‌ڵێنی لاو په‌سه‌ندانه‌ و به‌ راکێشانی پشتیوانیی توێژی لاوانی ئێران، توانی پۆستی سه‌رکۆماری و مه‌جلیس بگرێته‌ ده‌ست خۆی. ئه‌م کابرایه‌ش که‌ به‌ دوای خاته‌می دا بووه‌ سه‌رکۆماری رێژێمی ئیسلامی ئێران، له‌ دروشم و وه‌عده‌ و بانگه‌شه‌کانی پێش هه‌ڵبژاردن دا، به‌ رواڵه‌ت گرینگی ده‌دا به‌ بێکاریی لاوان و لابردنی گیروگرفته‌کانی سه‌ر رێگای ژیانی ئه‌وان. بۆیه‌ رێژه‌یه‌کی به‌رچاو له‌وانه‌ که‌ ده‌نگیان پێدا لاوان بوون. دیاره‌ له‌ هه‌ڵبژاردنه‌کانی پێشووش دا که‌م واهه‌بووه‌ ئاوڕ له‌ گیروگرفت و داخوازه‌کانی لاوان نه‌درێته‌وه‌ و له‌م رێگایه‌وه‌ هه‌وڵی کۆکردنه‌وه‌ی ده‌نگه‌کانی ئه‌وان نه‌درابێ. خۆئه‌گه‌ر ئاوڕێك له‌ وڵاتانی ده‌وروبه‌ریشمان بده‌ینه‌وه‌ راستیی ئه‌م قسه‌یه‌مان زیاتر بۆ ده‌رده‌که‌وێ .بۆ نمونه‌ له‌ دراوسێیه‌تیی ئێران دا، له‌ عێراق حیزبی به‌عس و رێژیمی به‌عسی هیچ کات دروشمی لایه‌نگری له‌ لاوانی له‌ ده‌م نه‌ده‌که‌وت و ئه‌و هه‌موو ده‌زگا و دامه‌زراوه‌ی تایبه‌ت به‌ لاوانی پێك هێنا بوو! دیاره‌ نه‌ك بۆ ئه‌وه‌ی خزمه‌تی لاوانیان پێ بکا ,به‌ڵکو به‌و مه‌به‌سته‌ که‌ لاوانی وڵات به‌ هۆی ئه‌وانه‌وه‌ له‌ ده‌وری خۆی کۆ بکاته‌وه‌ و له‌وزه‌و توانایان بۆ به‌ره‌وپێشبردنی نیازی خۆی که‌ڵك وه‌رگرێ.

حیزب و رێکخراو و هێزه‌کانی رێکخه‌ر و به‌شداری بزووتنه‌وه‌ جۆراوجۆره‌کانی ئێران به‌ گشتی و ناوچه‌که‌ی خۆمان (رۆژهه‌ڵاتی نێوه‌راست) یش جا بزوتنه‌وه‌که‌ چ ناسیۆنالیستی و رزگاریخواز بێ، چ کرێکاری و کۆمه‌ڵایه‌تی، چ دیمۆکراسیخواز و هتد، ئه‌گه‌ر رێکخراوو دامه‌زراوه‌ی تایبه‌ت به‌ لاوانیشیان نه‌بووبێ، دروشم و داخوازی پێوه‌ندیدار به‌ لاوان و هه‌وڵی راکێشانی سه‌ره‌نج و پشتیوانیی لاوانیان هه‌بووه‌. ئه‌گه‌ر چی نکۆڵی له‌ خزمه‌تی هه‌ندێ له‌و حیزب و رێکخراوانه‌ به‌ لاوانی وڵاتی خۆیان له‌ باری وریا کردنه‌وه‌ و به‌ره‌و ژوور بردنی ئاگایی و فێرکردنی خه‌بات و تێکۆشان ناکرێ. به‌ڵام به‌داخه‌وه‌ لایه‌نی که‌ڵك وه‌رگرتن له‌وان وه‌ك ئامرازێك بۆ مه‌به‌ستی سیاسی و به‌رژه‌وه‌ندی ته‌سك هه‌ر باڵاده‌ست بووه‌. راستیی ئه‌م قسه‌یه‌ش ده‌توانین به‌مه‌ بسه‌لمێنین که‌ رێژه‌ی به‌شداریی لاوان له‌ ئۆرگان و ناوه‌نده‌کانی سیاسه‌تدارشتن و بڕیاردان و به‌ڕێوه‌بردنی ئه‌و حیزب و رێکخراوانه‌ دا و ره‌نگدانه‌وه‌ی ویست و ئیراده‌و داواکانیان له‌ بریار و کرده‌وه‌ و تێکۆشانی حیزب و رێکخراوه‌ سیاسی‌یه‌کان دا زۆر که‌متر بووه‌ له‌و خزمه‌تانه‌ی لاوان به‌وانیان کردووه‌.

سه‌ره‌ڕای ئه‌مه‌ش دروشمی"گه‌نج کردنه‌وه‌" و ژێستی "جه‌وانگه‌رایی" له‌ لایه‌ن هه‌ندێك له‌ سیاسی‌یه‌کانه‌وه‌، له‌نێو لاوانی وڵات و کۆمه‌ڵگه‌ جۆراوجۆره‌کان دا به‌ تایبه‌تی ئه‌وانه‌ی که‌ لاوان رێژه‌یه‌کی زۆر له‌ ئه‌ندامه‌کان و دانیشتووانیان پێك دێنن، بره‌وی هه‌ر هه‌یه‌. یه‌که‌م: به‌و هۆیه‌وه‌ که‌ لاوان له‌ سیاسه‌تیش دا تازه‌کار و که‌م ئه‌زموونن و له‌ مه‌به‌ستی پیرۆز و بیروباوه‌ری خاوێنی خۆیانه‌وه‌ ده‌ڕواننه‌ به‌رامبه‌ره‌کانیان. دووهه‌م: پێویستی و گیروگرفته‌کانیان یه‌ك جار زۆرن و پێیان خۆشه‌ له‌ دابینکردن و چاره‌سه‌رکردنی ئه‌وان دا یارمه‌تیان بدرێ. سێیه‌م: وزه‌ و توانا و راپه‌ڕێکی تایبه‌تیان هه‌یه‌ که‌ حه‌زده‌که‌ن له‌ ره‌وتی گۆڕینی کۆمه‌ڵگا و دابینکردنی داهاتوویه‌کی باشتر دا به‌کاریان بێنن. به‌ڵام پرسیار ئه‌وه‌یه‌ که‌ ئه‌وان هه‌تا که‌نگێ ده‌بێ ببنه‌ ده‌سخه‌ڕۆی کۆمه‌ڵێك سیاسیی تینووی ده‌سه‌ڵات و چ بکرێ بۆ ئه‌وه‌ی تاقمێك "بازرگانی فرمێسك و خوێن" له‌ نیازپاکی ئه‌وان بۆ مه‌به‌سته‌ تایبه‌تیه‌کانی خۆیان که‌ڵکی خراپ وه‌رنه‌گرن؟ ئایا له‌قاودان و ریسواکردنی ئه‌م جۆره‌ مشه‌خۆرانه‌ی به‌که‌ڵك وه‌رگرتن له‌ نیازپاکی لاوان کاروانی خۆیان ده‌گه‌یه‌ننه‌ مه‌نزڵگه‌ی مراد و هیچیشیان بۆ لاوان پێ نیه‌، سه‌ره‌کیترین و گه‌وره‌ترین خزمه‌ت به‌ لاوان و به‌ره‌و پێشبردنی کۆمه‌ڵ نیه‌؟